# به به‌زه‌ییه‌كان خوای میهره‌بان ڕه‌حمیان پێده‌كات

له‌ عبدالله‌ كوڕی عه‌مرو -ڕه‌زای خوایان لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «به‌ به‌زه‌ییه‌كان خوای میهره‌بان ڕه‌حمیان پێده‌كات، به‌ڕه‌حم بن له‌گه‌ڵ نیشته‌جێبووانی سه‌ر زه‌وی ؛ ئه‌و زاته‌ی له‌ سه‌رووی ئاسمانه‌كانه‌ ڕه‌حمتان پێده‌كات».

[صەحیحە]

پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیده‌كاته‌وه‌ كه‌ ئه‌وانه‌ی ڕه‌حم وبه‌زه‌ییان به‌رانبه‌ر خه‌ڵكی هه‌یه‌؛ خوای میهره‌بان ڕه‌حمیان پێده‌كات به‌ڕه‌حمه‌تی خۆی كه‌ هه‌موو شتێكی گرتۆته‌وه‌، پاداشت هاوشێوه‌ی كرده‌وه‌یه‌. پاشان پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- فه‌رمانیكرد به‌ به‌ڕه‌حم وبه‌زه‌یی بوون به‌رامبه‌ر به‌هه‌موو ئه‌وانه‌ی له‌سه‌ر زه‌وین له‌ مرۆڤ وئاژه‌ڵ وباڵنده‌ وجۆره‌كانی تری زینده‌وه‌ر، و له‌پاداشتی ئه‌م كرده‌وه‌یه‌ خوای میهره‌بان له‌سه‌رووی ئاسمانه‌كانه‌وه‌ ؛ ڕه‌حمیان پێده‌كات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8289